# سەربازانی بن لادن .... لە ئەوروپا

ئیبراهیم فەتاح

پاش کارەساتە خوێنڕێژییەکانی ١١ی سێبتەمبەر و شمشێر وەشاندنەکانی ئاوایی خێڵی حەمە، ئەندامە بن لادنیستە هەڵاتووەکان و لایەنگرانی ئەملاولای ئەو بزووتنەوەیە لە ئاست وەڵامدانەوەیان بەو کارەساتانە و ئەو پرسیارانەی لەوبارەیەوە و لەبارەی خودی ئیسلامەوە ئاراستەیان دەکرێت خوازیارن,ئەگەر بۆیان بلوێت، جارێکی تر هەمان نەهامەتی و کارەسات ئەنجام بدەنەوە و, بەتایبەتیش لە ئاست ئەو رەخنانەی لە دیڕە قورئانییەکان دەگیرێت بە یەکجاری تووشی هیستریا و دەمارگیری و توندوتیژی دەبن و, لە یەك کاتدا خۆیان بە نوێنەری محەمەدی دانەری قورئان و خواوەند و ڕاستی ڕەها دادەنێن و بەخۆیان ڕەوا دەبینن لە هێرشیاندا بۆ سەر هەرکەس و بۆچوونێکی دەرەوەی بازنەی ئیسلام هەرچی نەفرەت و وتەی ناشایستەیە بەکاربهێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا تەنانەت مافی خستنەڕووی بۆچوونێکی ئاسایی غەیرەئیسلامی و ڕەخنەئامێز لە خودی ئیسلام بە کەسانی تر ڕەوا نابینن .

هەموو بەڵگەکانی ئەم تێگەیشتنە چەواشەیەش ئەوەیە کەوا کتێبێك بەناوی قورئانەوە ئەو مافەی پێداون ... وەرگرتنی ئەم بنەمایە وەك هەقیقەتێکی بێئەملاولا و بڕیارێکی کۆتایی خۆی لە خۆیدا تەواوی بنەماکانی ئیسلامیش وەك ئایین و قورئانیش وەك کتێب دێنێتەلەرزین، بەوەی ئەگەر بێت و هەموو خۆپێناسەکردنێك وەك دوا ڕاستی ڕەها بە هەقیقەت و نەگۆڕ دابنرێت ئەوا هەر لە ئەفسانەی گەلگامشەوە تاوەکو ئەفسانە و نووسراوە گریکی و ڕۆمانییەکان و تاوەکو ئەو ملیۆنەها کتێبەی تاوەکو ئێستا نووسراون، هەریەکەیان بە چەشنێك خۆی وەك ڕاستییەك پێناسەکردووە و ئەگەر بەگوێرەی ئەو بنەمایەی قورئان و ئیسلامییەکان بێت کەواتە هەر ڕەخنە ئاراستەکردنێکیان خۆی لە خۆیدا کفر و ناهەقییە و پێویستە هەریەکەیان _ بەتایبەتی ئایینیەکانیان_ بە پیرۆز دابنرێت و ڕێنماییەکانی بێ هیچ گومانلێکردنێك پیادەبکرێن و، لەوەیش زێتر هاتنی خودی قورئانیش دوای هەموو ئەو ئایین و کتێبانە خۆی لە خۆیدا جۆرە کفرکردنێکی ئاشکرایە بە پیرۆزی ئایینەکانی پێش خۆی و هەڵگەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەیەکی ناجۆر و هەرزەکارانەیە لە ئایینی باب و باپیران و تێکشکاندنی سنوورە داخراوە بەپیرۆز دانراوەکانی پێش خۆیەتی .
جا ئەگەر قورئان و ئیسلامییەکان بەڵگەکانی ڕەواییبوونی ئەم هێرشەی خۆیان تەنیا و تەنیا لە دەقەکانی خۆیانەوە وەردەگرن و هەمان کاریش تەنیا بۆ خۆیان بە شایستەو گونجاو دەزانن، ئەوا دەبێت لانی کەم درکی ئەوەیان هەبێت کەوا ڕەنگە بزووتنەوە و بۆچوونەکانی ئەودیوی بازنە داخراوەکەی ئیسلام هەمان کردار و بۆچوون بۆ خۆیان بە ڕەوا دابنێن و ئەمەش هێندەی تر دەروازەی کۆستی گەورەتر و خوێناوی تر دەخاتە سەرپشت . لە لایەکی تریشەوە هەموو بەڵگەکانی ڕاستیبوونی قورئان تەنیا ئەوانەن کە لەناو خودی قورئاندان و نە هەموو مێژووی پێش قورئان و نەهەموو مێژووی هزری ناوچە جوگرافییەکانی دەرەوەی ژێر

© Kurdistan Net

www.kurdistannet.org
10/05/2002 01:19

دەسـەڵاتی ئیسلام تەنـیا یـەك بەڵگـەیان لەوبارەیـەوە نـەداوە بەدەسـتەوە, ئـیتر بۆچـی دەبێـت ئـەم خۆپێناسـەکردنەی قورئـان ئاوا سەد دەر سەد بەڕاست وەربگیرێت و هەموو ئەوانی تریش بە نەفام و نەزان و .... دابنرێت .

مێژووی بڕوانەبوون بە خولقێنەرێك و بە ئایینێك زۆر کۆنترە لە مێژووی بڕوابوون بە ئایین و خولقێنەر و, لـەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی ئایینیشدا هەمیشە و بەردەوام ئەو بۆچوونە لەناو گشت کۆمەڵگا ئایینیەکاندا هـەبووە کـەوا بـڕوای بـە بوونـی ئـایین، وەك پەیامێکی ئاسمانی, نەبووە و لە سەرجەمی ئەو مێژووەیشدا کە پێمان گەیشتووە ئەوەیە کە هەمیشە خوازیارانی زانست و زانیاری لە بەرەی دژە ئایین یان زانستپەروەران و بـڕوا بـە ئـایین نـەبوواندا بـوون . بـەڵام کاتـێك بـن لادن و قوتابـیەکانی دروشمـی{ قورئـانی بـێ چـەك دیـن ئـەدۆڕێنێ} یـان ڕاسـتر دروشمـی قورئـانی چەکدار بەرزدەکەنەوە ئەمە وێڕای هەر پاساوێك کە خۆیان لەژێر نـاوی پاراسـتنی قورئـاندا بـەو دروشمـەی دەبەخشـن, خـۆی نیشـانەی کلۆمکـردنی دەلاقـەکانی گفـتوگۆ و تێگەیشتنێکی زانستی و تەندروستە لە نێو جەستەی کۆمەڵگادا و گۆڕینی ئەو جەستەیەیە بۆ مەیدانی کوشت و بـڕین، جـا ئەگەرچـی ئـەم کـردارەی قورئانیسـتەکان لەژێـر پەرچەمی دەستەواژەی{ فلن یقبل غیر الاسلام دیـنا ــ بـێجگە لـە ئیسـلام هـیچ ئایینـێك قـبوڵ ناکرێـت} دا پیادەدەکرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوە مانای سـڕینەوە و بـێ نـاوەڕۆك کـردنی دەسـتەواژەکانی{ لااکـراه فـی الدین ــ لە ئاییندا زۆرەملێیی نییە} و{ لکم دیـنکم ولی دین ــ ئایینی خۆتان هەیە و ئایینی خۆم هەیە} دەگەیەنێت و هەموو لافلێدانەکانی بوونی ئازادی لـە قورئـان و ئاییـنەکەیدا ڕەتدەکاتەوە و ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی ئەو ڕوانگە پڕ جەور و ستەمە دەخاتەڕوو کـە قورئانیسـتەکان دەیانەوێـت بـە گەمەکـردن بـە هەسـت و هۆشـی مرۆڤە ساکارەکانی کۆمەڵ پەردەپۆشی بکـەن . ئەوەی قورئانیستەکان دەیانەوێت قسە و پرسیاری لەسەربکرێت تەنیا چۆنێتی پیادەکردنی پرنسیپە قورئانییەکانە نـەك ئەسـڵ و فەسـڵی پرنسـیپەکان و بۆچـوونەکان، ئـەوەیش واتە بەئەزەلیکردنی بەندیبوون لەچوارچـێوەی تەسـکی کۆمەڵـە پەرەگرافـێکدا، کـە هیچی لە پەرەگرافەکانی پێش یان پاش خۆی زێتر نییە بێجگە لە قسەی دەروێشەکانی .

هـەندێك لـە قورئانیسـتە بن لادنییەکان لەکاتی جیاجیادا و بەتایبەتیش بەشێکیان پاش کەتنەکانی ساڵی ڕابـردوویان ڕوویـان لـە ئـەوروپا کـردووە و بەخـەیاڵی خۆیـان دەیانەوێت لێرە درێژە بەو خەباتەیان بدەن کە خۆیـان نـاوی دەنـێن جـیهاد . سـەیرە ! جـیهادکردن لەسـایەی سیستەمێکدا، ئەگەر وەك خۆیان دەیانەوێت بڵـێین عەلمانییە نەك کریستی, چونکە قایلبوون بەژیان و گوزەرانکردن لەسایەی سیستەمێکی ئایینی تردا لە حاڵـەتی ناچـاریدا نەبێت حەڵاڵ نییە بۆ موسڵمان یان قورئانیست, لە کاتێکدا کە سیستەمی عەلمانی بەلایەن خـودی قورئانیسـتەکانەوە بریتییە لە جەوهەری کفر و بێباوەڕی نەك هەر بە ئیسلام بەڵکو بە گشت ئایینێك، کەواتە دەبێت ئەو هەنگوینە چی بێت کەوا مێشی قورئانیستەکانی لەو بنی دنیایەوە بەرەو ئێرەی قژی زەرد و چاوی شینی عەلمانی ڕاکێشابێت ...! ؟

www.kurdistannet.org
10/05/2002 01:19

بەشێك لەو بن لادنیستە كوردانەیش كە ئێستا لەژێر ڕەشماڵی ئەو عەلمانییەتەدا لە حاڵەتی جیهادی ئیسلامی و قورئانیانەی خۆیاندان دەستیان گەیشتووەتە تۆڕەكانی ئینتەرنێت و, لەنێو هەوڵەكانیاندا خەریكی پاساودانەوەی كارەكانی پێشوویان و بەتایبەتی كارەساتی ئاوایی خێڵی حەمەن و, لە هەمان كاتیشدا دەستیان داوەتە وەڵامدانەوەی ئەوانەی بەگوێرەی بۆچوونی خۆیان بابەتیان لەسەر قورئان و محەمەد و دیاردە پابەندەكانیان نووسیووە, بەڵام وەڵامێك كە تەنیا لە خۆیان دەوەشێتەوە..!

هەندێك لە بابەتەكانی بەڕێزان تەها هەڵەدنی و حەمەسەعید حەسەن بەشێكن لەو بابەتانەی تائێستا وەڵامیان پێدراوەتەوە، بەڵام نەك وەڵامێكی گفتوگۆئامێز و شیكاری بەڵكو وەڵامێك كە دەشێت بەتەنیا بەشێك لە وانەكانی حوجرەكان بێت . زمانی پاراوی ئەو وەڵامانە هێندە پوخت و بێگرێ و گۆڵ و هێندە پاكژە مرۆ لە ئاست كارامەیی نووسەرەكانیاندا سەراسیمە دەبێت... لێرەدا بە نموونە هێنانەوەی بەشێك لەو دەربڕینە ناسك و شیعرئامێزانە وەك شاكارێكی زیندووی ئەو گروپە بە كارێكی شیاو دەزانم،وەك: { نووسینی بێ نرخ, بێ تام, بێ ئەدەبانە, بابەتی نازانستی و بێ ئاست، كەللەپوت, بێ ڕەوشتی, یەكێك لەو نووسەرە بێ ناوەڕۆكانە, كەس گوو بە كڵاوی ناپێوێ, بۆرە پیاوێكی كەس نەناس و بێ زەوق ( لە بابەتێكی محەمەد هەریری وەرگیراون), هورێنە( وڕێنە), ئەو عەرەبە نەفامە, ساویلكە, گەندەڵ, گەمژەیی, زەلكاو, داوای ئیباحیەت و بەرەڵایی دەكەیت, باوەڕت وایە ئەخلاق لە فەرهەنگی كوردیدا نییە, باوەڕت بە ئیباحیەت هەیە..( لەدوو بابەتی ساڵەح بەرسیلینی وەرگیراون)}.... ئەوانە بەشێكن لە مرواری نێو نووسینەكانی ئەو دوو بەڕێزەی بە ناوی سەربازەكانی بن لادنەوە لە ئەورووپای عەلمانییەتی خوای كوفر و ئیلحادەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی پرسیان لەسەر بونیادی هزری و پراكتیكی قورئان و محەمەد هەیە .

دیارترین دەستەواژەی لۆژیكیانەی قورئانیستانەی نێو ئەو نووسراوانە لە دوو دێڕدا خۆیان دەنوێنن، یەكەم : { ئەو جۆرە خیتابە گرژانە لە هیچ خاكێكی ئیسلام لە دوو ڕۆژ زیاتر ژیان ناكات ـ محەمەد هەریری}.. واتە ڕۆژی یەكەم ڕۆژی بیستنی خیتابەكەیە و ڕۆژی دووەم ڕۆژی بیستنی سەرپەڕاندنی خاوەن خیتابەكەیە..ئاخۆ قورئانیستێك كە بەم شێوەیە وەڵام و شیكاری هەبێت، دەبێت چی بە موریدەكانی خۆی و ئەندامەكانی كۆمەڵ پێشكەش بكات بێجگەلە جەستەی شەلاڵی خوێن و دەمی كلۆمكراو و مێشكی شەختە !!... بەڵام نازم حیكمەتی شاعیر لە زیندانەوە نووسی : ئای لە بەدبەختی ئەو فاشیستانە، پێیان وایە سەری مرۆڤ سەلكە توورێكە و دەتوانن بە ئاسانی هەڵیكێشن... دووەم,{ كوشتنی كافرەكانیشی بۆ بڕواداران داناوە تاوەكو شایستەی بە هەشتە پان و بەرینەكەی خودای گەورەبن كە پێیدەوترێت جیهادكردن ــ ساڵەح بەرسیلینی} ..ئەمیش واتە كوشتنی ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری قورئاندان نەك هەر كارێكی حەڵاڵە بۆ قورئانیست بەڵكو مەرجی وەرگرتنی بلیتی چوونەژوورەوەی ئەو مەڵبەندەیە كەوا ناوی بەهەشتە .

جا ئەگەر ئەم قورئانیستە بەڕێزانە هێندە بە پەرۆشن بۆ وەرگرتنی ئەو بلیتە یان ئەو كلیلی چوونەژوورەوەیە ئەوا بێگومان خۆیشیان دەزانن پێویستیان بە خۆماندووكردن بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی دژی قورئانن نییە چونكە دەتوانن ڕۆژانە لەو كۆمەڵگا عەلمانییەی تێیدا دەژین و بەتایبەت

ئەوانەی کە پارەی سۆسیالیان لێوەردەگرن هەزارەها لە کەسانی عەلمانی و ناموسڵمان و بە وتەی خۆیان کافر بدۆزنەوە و کەتنی خۆیان بکەن و کلیلەکەیش حەڵاڵ بکەن, ئیتر چییان داوە بەم بەزم و ڕەزمی بابەت خوێندنەوەیە ...یان ئەوەیە لەو شوێن و کاتەی دراوەکانی دۆلار و پاوەند و یۆرۆ و..وەردەگرن بابەت و دێرە قورئانییەکان لەبەردەم شکۆی دراوەکاندا زمانی لە گۆ دەکەوێت و سەردەمی جیهاد بۆ ڕۆژگارێکی نادیار دوادەخرێت ...!

بابەتەکەی محەمەد هەریری بێجگە لە چەردەیەك جنێوی قورئانیانەی تۆخ هیچی تر نین و تەنانەت بە تەنیا وشەیەکیش ڕاستی یان ناڕاستی بابەتەکەی هەڵەدنی باس نەکردووە و وەك دەڵێن ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنەکەیەتی لەبەرئەوەیش نووسەرەکەی مافی ئەوەی هەیە ئەو شاکارە لەپاڵ کتێبەکەی خۆیاندا ریزبکات, بەڵام با دڵنیاش بێت لەوەی بەو کارە ناتوانێت شانی هیچ کەسێك, بێجگە لەخۆی, لەکەدار بکات. بەڵام ساڵەح بەرسیلینی بەشێوەیەکی تر هەوڵی داوە هەڵەکانی نێو نووسینەکان ڕاست بکاتەوە... بەڵام کام هەڵە؟...

حەمەسەعید حەسەن لە کورتە نووسینێکدا ناوی ژنەکانی محەمەدی ژماردووە و ئاماژەیش بەوە دەکات خواستنەوەی ژنەکانی پەیامدەری ئیسلام قەدەغە کراوە. ئەو بابەتە هەروەك حەمەسەعید حەسەن خۆی ئاماژەی پێکردووە ( ئامادەکردنە) نەك نووسین, واتە ئەو بەرهەمە بریتییە لەبەری ڕەنجی خوێندنەوە و تۆمارکردن و سەرلەنوێ نووسینەوەی خاڵە جێسەرنجەکانی ئامادەکار, هەر بەڕاستیش لەو بابەتەدا بێجگە لە بایەخ و ماندووبوون و ناوەکەی خۆی ئیتر هیچی تری لە نووسین و داهێنانی خەیاڵی شاعیرانەی حەمەسەعید نییە و, ئەگەر شتێکیش لەو دیاردەیەدا شایستەی نەفرەت یان ڕەخنە یان بەرزنرخاندنیش بێت ئەوەیش هەر حەمەسەعید حەسەن دروستی نەکردووە, چونکە ئەو تەواوی دیاردەیەکی پیاوێکی لە شێوەی تابلۆیەکدا نیشانداوە و خۆیشی وەك هەر بینەرێکی تر بە بێدەنگی و پرسیارەکانییەوە تەماشای دەکات, کە ڕەنگە ئەمە یەکەمجار بێت کاك حەمەسەعید دانی بە خۆیدا گرتبێت و پرسیارەکان و بۆچوونەکانی خۆی ئاوەڵا نەکردبێت, کە پێمۆایە خەسڵەتی لێهاتوویی و بزمارئاسای ئەو بابەتەیش هەر لەمەوە هاتووە کەوا دیاردەیەکی بەبێ ڕتووش و لێکدانەوە خستووەتە بەرچاو و دیدەی خوێنەران تاوەکو ئەوان پرسیار و گومانەکانیان لەو بارەیەوە دەربڕن و دیاردەکە هەڵبسەنگێنن . ئەوەی من وەك خوێنەرێك لەو نووسینە تێگەیشتم مەسەلەکە بریتی نییەلە ریزکردنی چەند ناوێك و جنێودانێکی بێمانا و داواکردنی ئیباحییەت وەك بەرسیلینی پێیوایە, بەڵکو بریتییە لە دەرخستنی دیاردەیەك و پرسی چۆنیتی ڕوودان و ڕەوابوونی ئەو دیاردەیەیە بۆ پەیامدەر و پرسیاری هۆکانی ئەو قەدەغەکردنەیە، بەڵام بەرسیلینی لەبری وەڵامدانەوە بەخودی دیاردەکە هەوڵی ڕاستکردنەوەی خوێندنەوەی ناوێك و ئەسڵ و فەسڵی چەند ناوێکی تر دەدات، پرسیاری ڕاستەقینە لەسەر چۆنیتی خوێندنەوەی ناوەکان و ڕەچەڵەکیان نییە,بەڵکو ئەوەیە ئایا بەڕاستی محەمەد یان هەر پیاوێکی تر ئەو ژمارە زۆرە ژنەی خواستوە یان نا ؟ چۆن؟ بۆچی؟ کێ و چی ڕێی پێداوە؟ چۆن بەرگری نەکراوە؟ ئایا بەڕاست ئەو هەموو ژنانە شوویان بەو پیاوە کردووە؟ چۆن؟ بۆچی؟ لەژێر

© Kurdistan Net

کاریگـەری چـیدا... عەشـق؟ سـامان؟ بـەناوبانگی؟ دەسـەڵاتداری؟ فروفـێڵ؟....؟ ... ئـەی بەڕاسـت لـە کۆمەڵگایـەکدا کە بێوەژن مافی شووکردنەوەی هەبووە ئەم پیاوە چۆن توانیوویەتی بە کورتەدێڕێك ئەو مافە ڕەوایـەی بێوەژنان زەوت بکات{ لەکاتێکدا ئەو خۆی داوای یارمەتیدان و فریو نەدانی بێوەژنانی کردووە}؟؟ ئـەو ژنانـە چـۆن و بۆچـی بـەو زەوتکـردنانە قـایل بـوون؟ ئـەی کۆمـەڵ چـۆن بـەو زەوتکـردنە و چـۆن بـە تێکشـکاندنی دابونەریـتە ڕەسەنەکانی خۆی قایل بوو؟ هەروەها ئەگەر مەسەلەکەیش بەندە بە خواوەندێکی باسـکراو و ناوهێـنراوی نـێو پەیامەکەیـەوە ئایـا بۆچی بەتەنیا خواستنەوەی ژنەکانی ئەو قەدەغەکراوە؟ یان ئایا بۆچـی خواوەندێکـی خـاوەن ویسـتی سـەربەخۆ بەپێی ویستەکانی مرۆڤێك گوتار دەدات؟ ئایا بەڕاستی ئـەوە گوتـاری خواوەندێکـە یـاخود مـەیل و ئـارەزووی پـیاوێکی سەردەمی سیستەمی خێڵە ؟؟.... ئەمانە و گەلـێك پرسیاری تریش لە خوێندنەوەی ئەو بابەتە ئامادەکراوەوە لای خوێنەر سەرهەڵدەدەن, بەڵام هیچیان لای بەرسـیلینی ڕەخـنەگر دروسـت نەبووە و باسی نەکراوە بێجگە لە ڕاستکردنەوەی ناو و دەرکردنی هەشت نـاوی تـر لـە لیسـتەیەك کـە بیسـت و یـەك نـاوی تـێدایە, کەواتـە تەنانـەت بە بۆچوونی ئەویش سیانزدە ژنی هێـناوە( کـە لـێرەدا بەرسـیلینی زیـرەکانە و ئیسـلامیانە دەیەوێـت نـاوی کەنـیزەکەکان لە لیستەی ژنەکانی دەربکات چونکە لای ئەم کەنیزەك کەرەستەیەکە تەنیا بۆڕابوارن و لەسەر کەس حساب ناکرێن ؟), باشە خۆ ئـەم ژمارەیـەش هێـندە گەورەیـە کـە هـەمان ئـەو پرسـیارانەی ئاڕاسـتەدەکرێت، ئـەی بۆچـی وەڵامـێکی نادرێتەوە؟..لێرەدا دەمەوێت دەستەواژەیەکی دۆستێکی ئیمانداری خۆم بنووسم، کە پاش خوێندنەوەی ئەو بابەتـە و بـە ڕوخسـارێکی پـڕ بـزەی گاڵتەجاڕی و پرسیارەوە وتی : باوکەڕۆ لەو هەمووە ؟؟ ئاشکرایە ئەوە پرسـیارێکی ڕاشـکاو نییە، بەڵام ئاشکرا و ڕوونیشە کەوا وشەی ( باوکەڕۆ) دەربڕینێکە لە پرسە و کارەساتی دڵتەزێن و لە ئاست دیاردەی نالەبار و ئەشکەنجە و ئازاردار دا بەکاردەهێنرێت, کەواتە ئەو پرسە و کارەسات و ئازارە چییە ئیماندارێك لە ئاست ئەو دیاردەیەدا هەستی پێکردووە و بەو وشەیە دەریدەبڕێت ؟؟..

لە وەڵامی هەڵەدنیشدا,بەرسیلینی لەپاڵ بەکارهێنانی وشەگەلێکی ناوازەی وەك:هوڕێنە, نەفام, ساویلکە، گـەمژە ... هتد دا هەرهەمان دیاردەی خراپ خوێندنەوە و لێرەدا ڕاستکردنەوەی ژمارەی دێڕەکان( ئایەکان) بـە کـاری سـەرەکی خۆی و کتێبەکەی دەزانێت،لەکاتێکدا سەرجەمی پرسیار و گومانەکان لەسەر بۆچوون و دیـاردە ئیسـلامیەکانە. هەروەها لێرەدا دیاردەی خۆبەڕاست زانین و ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئەوانی تری دەرەوەی ئیسلام زەقتر و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێت. بۆ نمونە لە باسی ئەسکەندەری گەورەدا دەنووسێت:__

(( کابـرایەك بـووە لەسـەر دەسـتی فەیلەسـوفەکان گـەورە بـووە و کافـربووە, بـەڵام ئـەو ئەسـکەندەرەی لە سـوورەتی (الکهـف)دا باسـی لـێوەکراوە ئـەوا مووسڵمان بووە و بەڵکو هەندێك لە زانایان بۆچوونیان وایە کە پێغەمـبەر بووبێـت )), کـاك بەرسـیلینی لـێرەدا ڕێگـا بـە خۆی دەدات قسەکانی خۆی بەپاڵپشتی بۆچوونی ( هـەندێك لـە زانایـان) بکـات بۆئـەوەی شلوشـێواوی نـێو دێڕەکە بشارێتەوە و پێمان ناڵێت ئەو زانایانە کێن و زانـای چـین : مـێژوو, جیۆلۆژی, ئەرکیۆلۆژی, ئەنسرۆپۆلۆژی, کۆمەڵناسـی ....و چۆن بۆچوونەکانیان بێ دوودڵـیکردن بەڕاسـت وەردەگیرێت و تەنیا ئاماژەیەك بەناو و ناوی نووسراوەکانیان ناکات کەبەڵگەیەکی لەو

چەشنە بدەنە دەست, کە بێگومان ئەو زانایانەی ئەو مەبەستێتی مەلا و پیاوی ئایینی ئیسلامین بەتەنیا, واتە تەنیا بەڵگە هێنانەوەیە لە ناوەخنی خودی میتۆدەکەوە نەك سەلماندنێکی دەرەکی و مێژوویی بێت, .. کەچی ئەم بەڕێزە گاڵتە بە بەڵگەهێنانەوەیەکی هەڵەدنی لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبیەوە دەکات و دەنووسێت: ( ئەمەیە هەموو زانست و ئاستی هەڵەدنی؟؟؟ بەم شێوەیە هەواڵ نقل دەکات مانگی یانزەی ساڵی ٩٨ لە سەرچاوەیەکی ئەوروپی, من سەبارەت بەم شێوازە هیچ ناڵێم با خوێنەر خۆی بڕیاربدات ؟)... سەیرەکە لەمەدایە بەرسیلینی دەیەوێت خوێنەر بڕوا بە زانا بێناو و ناونیشانەکانی خۆی بکات و گاڵتە و سووکایەتیکردنەکەیشی بە هەڵەدنی وەك پەردەلادان لەسەر ناڕاستییەك و دۆزینەوەی ڕاستییەك قبووڵبکرێت, لەکاتێکدا سەرچاوەکەی هەڵەدنی زۆر ئاشکرا و سادە و دیارە : ڕۆژنامەی( العرب), مانگی یانزەی ساڵی ١٩٩٨، ئەم سەرچاوەیەش بۆ کەسێك کە گومانی لەو ڕاستییە هەبێت و خولیای دۆزینەوەی بێت ئەگەرچی کەمێك قورس بێت بەڵام دەکرێت بدۆزرێتەوە و مەحاڵ نییە . بەڵام ئاخۆ خستنە ڕووی پیت بە پیتی ئەو سەرچاوەیەیش هیچ لە بۆچوون و باوەڕی بەرسیلینی دەگۆڕێت تاوەکو خۆی بەدوای بکەوێت..؟.. بێگومان نەخێر و لەم جۆرە حاڵەتانەیشدا باشترین شت هەمان نەریتی شۆڕشگێڕانەی ئیسلامییە، ئەویش بریتییە لە بە وڕێنە دانانی هەموو ئەو شتانەی بۆنی ئەوەی لێبێت کە دەرئەنجامی جیاواز لە بۆچوونە ئیسلامییەکانی هەیە ئیتر با نەبینرا بێت و نەخوێنرابێتیشەوە, هەروەك ئەوەی لە کێشەی ڕۆمانەکەی سەلمان ڕوشدی دا ڕوویدا کە هەموو جیهانی ئیسلامی و زۆربەی زۆری پێنووس بەدەستەکانی کەوتنە هێرشکردن بە بێئەوەی کەسیان کتێبەکەیان بەچاوی خۆیان بینیبێت نەك خوێندبێتیانەوە{ بۆ ئاشنابوون بەم ڕاستییە بڕوانە کتێبی زهنیە التحریم, نووسنی د.صادق جلال العصم}. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیەش بۆ خوێنەران دەڵێم, هەواڵی نێو ئەو سەرچاوەیە کە هەڵەدنی ئاماژەی پێکردووە بریتییە لەوەی ئامێرێك دۆزراوەتەوە کە دەتوانرێت بە هۆیەوە لە دووری چەند میلێکەوە بزانرێت ئاخۆ کۆرپەی سکی ئافرەتێکی سکپڕ کوڕە یان کچە ؟و هەڵەدنی ئەمەی لە بەراوردکردن لەگەڵ دێڕی ( ویعلم ما ق الارحام) دا هێناوەتەوە, کە بێگومان دۆزینەوەیەکی لەو چەشنە لەڕووی بەڵگەی زانستی و ئامێری بەردەستەوە بنەما وەسفییە پەرجوویەکانی ئەو دێڕەی قورئان لە وەسفکردنی خودا دا دەهێنێتە لەرزین و ئێکسپایەری دەکات لەبەرئەوەیش هەر پێش خوێندنەوەی هەواڵەکە و بینینی ئامێرەکەیش بەدرۆ دەخرێتەوە و, لەوەیش واوەتر بەرسیلینی هەوڵدەدات بۆچوونێکی تر لەسەر هەمان دێڕ دروستبکات کە بوارێك بۆ خۆدزینەوە لە ماناکانی ئەو دێڕە بدۆزێتەوە, کە ئەمەیش بەهەموو شێوەیەك مانای وایە گومانی ئەوەی هەیە کە زانست لە توانایدایە ئامێرێکی لەو چەشنە بدۆزێتەوە . لەبەرئەوە لە بەرامبەر هەڵەدنی دا دەڵێت : ( ئینجا لە مانای ئایەتەکە ئەوەندە بە نەفامی حاڵی بووە وای بۆدەچێت کە خوای گەورە فەرموویەتی کەس نازانێ کچە یاخود کوڕە لە سکی دایك؟)... ئەی ئاخۆ دەبێت ئەو دێڕە بێجگە لەوە هیچ مانایەکی تری هەبێت و خوانەخواستە و گوێی شەیتان کەڕ بێت خوا باسی ئەوەی کردبێت کەوا خەڵکی تریش وەك ئەو دەزانن منداڵی سکی دایك کچە یان کوڕ ؟ ... ئەو دێڕە کە بە (واوی عەتف) دەستپێدەکات

© Kurdistan Net

ئەگەر بکرێت بەکوردییەکی زمانی ئاسایی ڕۆژانەی کوردزمان دەتوانین بڵێین دەکاتە ئەمەی خوارەوە: ( کوڕە ئەو خوایە دەزانێت چی لەسکی دایکیش دایە), بێگومان ئەمەیش وەك وەسفێکی زۆر گەورە دەکرێت گوایە هیچ کەسێکی تر نییە شتی وابزانێت و, هەموو مێژووی ڕابردووی ئیسلامیش جەختیان لەسەر ئەوە کردووە و بە یەکێك لە بەڵگەکانی بوونیان داناوە کە دەڵێن تەماشای گەورەیی خوا بکە ئەمە و ئەوە دەزانێت . بەڵام بەداخەوە کاك بەرسیلینی لەگەڵ ئەوەی لەو قسەیەی سەرەوەیدا دەیەوێت مرۆڤیش لەو زانینەدا بەشدار بکات و مانای دێڕەکە بۆ مانایەکی مۆدێرن و گونجاو لەگەڵ دەستکەوت و دۆزینەوە زانستییەکاندا بگۆڕێت،لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نابێت و هەر دوای چەند دێڕێك دەچێتەوە سەر هەمان مانای کۆن و ڕەسەنی دێڕەکە و گومانەکەی هەڵەدنی و زۆری تریش جارێکی تر لەسەر بێتوانایی ئەو دێڕە و زۆر دێڕی تریش وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەوەتا خۆی جارێکی تر دەڵێت: ( ئەوانە هەمووی پەیوەندداڕن بەو کۆرپەیەی کەوا لە زگی دایکە, هەروەها ئەوانە هەمووی لە چوارچێوەی ئەم ئایەتەیە کە جگە لە خوای گەورە کەسی تر نایزانێ) یان دەڵێت ( پێش ئەوەی مندالّەکە ڕۆحی بێتەبەر خوای گەورە ئەم شتانەی زانیووە کە بێگومان هیچ کەسێك ئەمانە نازانێت). کاك بەرسیلینی کە لە سەرەتاوە تێگەیشتنەکەی هەڵەدنی لەوەی ئەو دێڕە مانای وایە بێجگە لە خودا هیچ کەسی تر نازانێت منداڵی سکی دایك کچە یان کوڕ بە تێگەیشتنێکی نەفامانە لە قەڵەم دەدات کەچی خۆیشی لە کۆتاییدا دێتە سەر هەمان بۆچوون و ئەوە تەنیا بە توانای بێپایانی خودا دەزانێت, ئەی کەواتە ئەم هەموو دژایەتیکردن و نەفرەت و جنێو و شمشێر بەرزکردنەوەیە چ مانایەك و چ دەلالەتێکی ڕاستی تێدایە بێجگە لە ڕەتکردنەوەی بێبنەما و نازانستییانەی بۆچوونەکانی تر؟؟ ئیسلامییەکان ئامادەن هەر ڕۆژە لەبەردەم فشاری دۆزینەوە زانستییەکاندا مانای مێژوویی و ڕەسەنی دێڕە قورئانییەکان بگۆڕن و لێرە ولەوێ گوێ هەڵبەستەبن بزانن چی تازە دێتەکایەوە تاوەکو دێڕێکی لەبەرامبەردا دابتاشن, ئامادەن بەوجۆرەی خۆیان پێیان خۆشە دیاری جنێو و نەفرەت ببەخشنەوە و ملی ئەم و ئەو بە شمشێری نەزانی خۆیان بپەڕێنن بەڵام بۆ ساتێك ئامادە نین گوێ لە بۆچوونێکی تر بگرن و بەڵکو هەموو هەوڵیان ئەوەیە بۆچوونی تر نەیەتە ئاراوە . مەلا کرێکار پێی وایە دیموکراسی لە ئەوەڵیەوە تا ئەخیری کوفرە, کەچی ئەم بن لادنیستە کورد و عەرەبانەی بە دڵخوازی خۆیان و بە هەزار پاڕانەوە و لالانەوەوە هاتوونەتە ژێر ئەم ڕەشماڵە دیموکراسییە خوێناوییە و ئامادەن بە کامی دڵی خۆیان شیلەکەی بمژن، دەیانەوێت لێرەیش ئەفغانێکی تر و کارەساتێکی تری وەك ئاوایی حەمە بخولقێنن... تۆ بڵێی ئەمانەیان بۆ ڕاستی بێت یان بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە باشترین و چەورترین پارو بگلێنن... تۆ بڵێی لێرەیش ڕۆژێك دابێت کەوا تەماشاکردنی کۆمپیوتەریش بە بێ ریش قەدەغە بکرێت و نەك هەر فرۆشتنی خەیار و مۆز بەڵکو ڕواندنی درەختەکانیشیان یاساخ بکرێت...؟؟؟

لێرەدا، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لەکاتێکدا ئەو دوو سەربازەی بن لادن لە ئەورووپاوە ڕێگە بە خۆیان دەدەن ئەو جۆرە وشە نابەجێیانە بەرامبەر کەسانی تر بەکاربهێنن, بەڵام لەهەمان کاتدا بواری بیرکردنەوەیەکی ئازاد و گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی پابەندی ڕوودان و سەرهەڵدانی ئەو دیاردانەدا لە

© Kurdistan Net

کەسانی تر یاساخ دەکەن و لە ئاستیاندا شمشێری کولی ملپەڕاندن بەرزدەکەنەوە, ئەم دیاردەیە ئەگەر تەنیا یەك مانای هەبێت, بەلای منەوە, بریتییە لەوەی ئەو بەڕێزانە کە دەیانەوێت بەناوی ئیسلام و قورئانەوە بنووسن و داکۆکیان لێبکەن خۆیان بێجگە لەو دێڕانە هیچ ئاگایەکیان لە ئایین و کتێبەکەیان نییە و نازانن کە چۆن و بۆچی هاتووە, کە ئەمەیش لە باشترین حاڵەتدا واتە باوەڕکردنێکی کوێرانە بەوەی نووسراوە و وتراوە, بەبێئەوەی پرسیارێك لەسەر ڕاستی و ناڕاستیبوونیان بکرێت .

باوەڕهێنانی کوێرانە بە هەچ بۆچوونێك بێت بێجگە لە کارەسات و نەهامەتی و دواکەوتن و نەزانی و بەکارهێنانی زمانی تووتیانە لە خوێندنەوەی دیاردە مرۆییەکاندا هیچی تر بەرهەم ناهێنێت. گرنگترین و دیارترین خەسڵەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکانی ئەوە بووە هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوام و ڕوولەپێشدا بوون, هەر بۆچوون و دیاردەیەکیش کە مرۆڤایەتی خۆی لە ڕۆژگارێکدا دۆزیویەتەوە و کاری پێکردووە لە ڕۆژگارێکی دواتردا بۆ بۆچوونی باشتر و زانستی تر لەوەی پێشووتری گۆڕاوە و, جوڵە بەردەوامەکەی مرۆڤایەتیش لەمەوە هاتووە کە خۆی سەرلەنوێ لە بەرگێکی پێشکەوتووتر و زانستیتردا خۆی بەرهەم هێناوەتەوە و بەردەوامی بە بوون و گەشەی هەمیشەیی خۆی داوە . لەم ڕوانگەیەشەوە هەر بۆچوون و ڕێبازێك بیەوێت مرۆڤایەتی لەنێو قالبێکی چەسپیو و نەگۆڕی خۆیدا قەتیس و بەند بکات ئەوە ڕێبازێکە دەیەوێت مرۆڤایەتی جوڵە ڕوولەپێشەکەی بەرەو کەناری سڕبوون و مردن ئاڕاستە بکەن و دەرفەتەکانی گەشەکردن لەو کۆمەڵگایانەی کاری تێدا دەکات بگرێت و نەك هەر ئەمڕۆ بەڵکو سبەینێیش لە ژێر ڕەشماڵی دوێنێ و پێرێ دا بەڕێوەبەرێت، ئەو هەوڵەیش ئەگەرچی تا ئێستا لە لایەن بیری ئایینیەوە لە هەندێك شوێندا سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و هێشتا ژیانی دەسەڵاتداری بەسەردەبات بەڵام ڕۆژێك دێت هەروەك ئەوەی لە ئەورووپادا ڕوویدا لەبەردەم پێداویستی و زانست و هۆشیاری مرۆڤەکاندا لووتیان لە زەوی گیر بکــەن .

سەرچاوەکان :

((((((((((((((((((()))))))))))))))))))

(١) ژنەکانی پەیامبەر, ئا: حەمەسەعید حەسەن، سایتی کوردستان نێت.

(٢) ئاوایی خێڵی حەمە و قورئان, نووسینی تەها هەڵەدنی, سایتی کوردستان نێت.

(٣) درێوی ئایەتەکان, نووسینی: تەها هەڵەدنی، سایتی کوردستان نێت .

(٤) سێکسی پێغەمبەری, نووسینی: تەها هەڵەدنی,سایتی کوردستان نێت.

(٥) وەلأم بە هەڵەدنی، نووسینی: محەمەد هەریری, سایتی کورستان نێت.

(٦) وەلأم بەهەڵەدنی, دوو بابەتن یەکێکیان وەلأمە بە (درێوی ئایەتەکان) و ئەوی تریان وەلأمە بە ( سێکسی پێغەمبەری) نووسینی : ساڵەح بەرسیلینی, سایتی باوەڕ.

(٧) وەلأم بۆ حەمەسەعید حەسەن, نووسینی: ساڵەح بەرسیلینی, سایتی باوەڕ .

© KurdistanNet